# ئایا دروستە سەرپێچییەکی یاساکانی هاتوچۆ بکەیت ئەگەر هۆکارێک هەبوو

< كوردي >

شێخ محمد صالح المنجد

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# هل يجوز مخالفة قواعد المرور إذا وجد سبب لذلك

< كردي >

محمد بن صالح المنجد

ترجمة: فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزیز

# ئایا دروستە سەرپێچیەکی یاساکانی هاتوچۆ بکەیت ئەگەر هۆکارێک هەبوو

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام کراوە :

**پرسیار :** هەندێك جار كە ئۆتۆمبیل لێدەخورم بەم لاولامدا یان لە پێشمەوە ماتۆر سوارێك ماتۆڕ لێدەخورێت، منیش ترسی ئەوەم هەیە كە لەپڕ پێیدا بكێشم، یان مەسارەكەی خۆی لێ تێك بچێت، چونكە زۆربەی ماتۆڕەكان هۆكاری ئاگاداركردنەوەی وەك (هۆرن) و ئاوێنەیان نیە، ئەمەش هەندێك جار دەبێتە هۆی ڕووداوی هاتوچۆ و زیانی گیانی و مادی زۆر، ئایا لەم حاڵەتانەدا من دەتوانم تێپەڕبم لەو ماتۆڕە بە خێرایەكی زیاتر لەوەی كە یاساكانی هاتوچۆ دیاری كردووە، چونكە بەڕاستی من دەترسم لەوەی بچمە زیندانەوە و مۆڵەتی شۆفێریەكەم لێ بسەنرێتەوە، لە هەمان كاتدا زۆر لەوەش دەترسم كە ببم بە هۆكاری كوشتنی ئەو ماتۆڕسوارە، یان بەهۆكاری ڕووداوی هاتوچۆی نەخوازراو بە كەسانی دوای خۆم ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

پێویستە هەموو كەس پابەندی یاساكانی هاتوچۆ بێت، چونكە ئەو یاسا وڕێسایانە لە پێناو سەلامەتی گیانی هاوڵاتیان سەروەت و سامانیان دانراوە، جا لەبەر ئەوە دەبێت بزانین كە سەرپێچی ئەو یاسا و ڕێنماییانەی هاتوچۆ تەنها نابێتە هۆی زیان پێگەیاندن بەو شوفێرە و بە ئۆتۆمبیلەكەی، بەڵكو دەبێتە هۆی زیان پیگەیاندی كەسانی تریش، بۆیە دەبینین ئەو ڕووداوانەی كە ڕۆژانە ڕوو دەدەن لە شەقام و ڕیگا وبانەكان زۆربەی جار دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە چەند لایەن و كەسانێك، بۆیە لەم حاڵەتانەدا بەرپرسیاریەتی ئەو كەسەی كە سەرپێچیەكە دەكات لای خوای گەورە ولەبەردەم یاساشدا زیاترە، وە زیمەت و بەرپرسیاریەتی لەڕووی خوێندان و كەفارەت و قەرەبوو كردنەوەی زیانەكانەوە زیاترە ..

لەژێر ڕۆشنایی ئەم هۆكارانە دەبێت بزانیت كە پابەند بوونت بە یاساكانی هاتوچووە واجبە و نابێت سەرپێچیان بكەیت، وە ئەگەر هاتوو حاڵەتێكی لەو شێوەیە كە باستكردووە ڕوویدا هەوڵبدە كە تۆ خێرایەكەت كەم بكەیتەوە تاوەكو ئەو ماتۆرە لێت تێپەڕ دەبێت، خۆ ئەگەر حاڵەتێكی وایش ڕوویدا كە ناچار بوویت لێی تێپەڕ ببیت، ئەوە هیچ گرفت نیە و هیچی تێدا نییە و گوناهبار نابیت إن شاء الله  كە خێراییەكەت زیاد

بکەیت بەڵام پاش ئەوەی دڵنیا بوویت لەوەی شەقامەکە خاڵیە لە ئۆتۆمبیلی تر و نابێت بەهۆی ڕوودانی ڕووداوی هاتوچۆ و زیان گەیاندن بە کەسانی تر ..

لە شەریعەتی پاك وبێگەردی ئیسلامیشدا ئەوە چەسپاوە کە دروستە لە پێناو دوور خستنەوە نەکردنی خراپە وزیانێکی گەورەتر، خراپە وزیانێکی کەمتر وسووك تر ئەنجام بدەیت، جا ئەگەر کارەکە بەو شێوەیەی لێهات کە ترسی ئەوەت هەبوو زیان بەو ماتۆڕسوارە بگەیەنیت یان سەرپێچیەکی یاساکانی هاتوچۆ بکەیت، وە دەبوو یەکێکی لەو دوانەیش ئەنجام بدەیت، ئەوە وەك ئاماژەمان پێدا دروستە کامەیان خراپە وزیانی کەمترە ئەنجامی بدەیت، ئەوەیش بە بەڵگەی ئەم ڕیوایەتەی کە هاتووە : **عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا ، أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ لَهَا : " يَا عَائِشَةُ ؛ لَوْلَا أَنَّ قَوْمَكِ حَدِيثُ عَهْدٍ بِجَاهِلِيَّةٍ لَأَمَرْتُ بِالْبَيْتِ فَهُدِمَ ، فَأَدْخَلْتُ فِيهِ مَا أُخْرِجَ مِنْهُ ، وَأَلْزَقْتُهُ بِالْأَرْضِ ، وَجَعَلْتُ لَهُ بَابَيْنِ بَابًا شَرْقِيًّا وَبَابًا غَرْبِيًّا ، فَبَلَغْتُ بِهِ أَسَاسَ إِبْرَاهِيمَ " [أخرج البخاري (1586) ، ومسلم (1333) ] .**

واتا : عائیشەی دایکی ئیمانداران ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پێی فەرموو : ئەی عائیشە ئەگەر بهاتایە خزم و کەسو وهۆزەکەت تازە لە نەفامیەوە نەهاتبنایە ناو ئیسلامەوە، ( مەبەست لێی خەڵکی مەککە بوو ) ئەوا فەرمانم دەکرد کە کەعبە وماڵی خودا بڕوخێنن، و ئەوەی کە کە لێیان جودا کردوەتەوە بمخستایەتەوە سەری، وبمنوساندایە بە زەویەوە، وە دوو دەرگام بۆ دابنایە، دەرگایەك لە ڕۆژهەڵاتەوە ودەرگایەکیش لە ڕۆژئاواوە، تاوەکو دەگەیشتەوە ئەو بناغەی کە ئیبراهیم (عليه السلام ) لەسەری دروستی کرد بوو ..

دیارە بنیاتناوەی کەعبە لەسەر ئەو بناغەیەی کە سیدنا ئیبراهیم لەسەری دروستی کردبوو بەرژەوندیەکی زۆر باش بوو بۆ موسڵمانان، بەڵام ئەم بەرژەوەندیە لەگەڵ خراپە و مەفسەدەیەکی گەورە ڕوو بەڕوو دەبویەوە، ئەویش هەڵهاتنی خەڵکی و دوور کەوتنەوەیان بوو لە ئیسلام بە هۆی ڕوخاندنی کەعبەو پێ ناخۆش بوونیان بەوەها کارێك، بەڵام ئەوە بوو پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) وازی لەو بەرژەوەندیە گەورەیە هێنا لە پێناو ڕوونەدان ودورخستنەوەی ئەو خراپە و مەفسەدە گەورەیە .

لە کتێبی ( شرح الزرقاني على الموطأ بەرگی 2/ لاپەڕە 448 ) لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا هاتووە : ئەم فەرموودەیە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوەی چاك و باشە وازی لێهێنراوە لەترسی ڕوونەدانی خراپە و مەفسەدەیەکی گەورەتر ...

خوای گەورەش زاناترە ...سەرچاوە : ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام ..